### کاروان عەبدوڵڵا (سەرنووسەری گۆڤاری کاروان) بۆ گوڵان:

# نووسین بەهای خۆی هەیە و پیرۆزە، پێویستە ئەو بەهایە بپارێزێت



**«ئێمە لەگەڵ ئەوەداین رەخنە لە هەموو بوارەکانی ژیان بگیرێت بە مەبەستی پێشخستنی کۆمەڵگە و چاکسازی لە دەسەڵات»**

کاتژمێر(١٠)ی بەیانی رۆژی ٢٠٠٧/٤/٥ لە ئۆتێلی هەورەمان کۆبوونەوەیەکی بەرفروان بەسترا، کە تێدا ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنووس و رۆشنبیر و نووسەرانی رۆژنامە وگۆڤارەکانی کوردستان تێیدا بەشدار بوون، هاوکات چەندین مامۆستای زانکۆکانی کوردستان ئامادەبوون، لەم ماوەی دوایەدا لەلایەن سایت و رۆژنامەکانی کوردی رێژەی نووسینی شەڕانگێزی و جنێوفرۆشی و تەشیهرکردن پەرەی سەندبوو، ئەم کۆبوونەوەیەش لەلایەن کۆمەڵێک رووناکبیر و رۆشنبیر هاتە ئاراوە و گفتوگۆی لەسەر کرا و، دەتوانم بڵێم دوو مانگ پێش ئێستا دانیشتنێکی ئاسایی لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامدرا کە برادەرانی سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستانیش لەسەری رێکەوتن کە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان ببەسترێت، ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە وەکو لە دروشمەکەیدا دیارە بەناوی(ئازادیی رادەربڕین و بەرپرسیارەتی لە نووسیندا)، واتە لەلایەک کۆبوونەوەکە هەموو هێز و توانای خۆی دەخاتە گەڕ لە پێناو فراوانترکردنی پانتایی ئازادی بۆ رادەربڕین و نووسین و، لە هەمانکاتدا داوا دەکات نووسین لەبەرپرسیارێتی بەدوور نەکەوێت، چونکە ناکرێ نووسین دوور بێت لەو بەرپرسیارێتییەی کە پێی دەبڕێت، چونکە نووسین شتێک نییە مرۆڤ پێ لە فەزایەکی دیکە بنووسرێت، بە دڵنیاییەوە هەر نووسینێک کە لە هزرو دەمی کەسێک دەێتە سەر کاغەز و دەچێتە ناو کۆمەڵگە، بەهەر دوو لایەن کاریگەری دەبێت لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، هەر بۆ ئەوە زۆر گرنگە کە هاندانی نووسین بکرێت بە هەموو شێوەیەک، بەڵام دوور بێت لە شێوە نووسینی جنێو و لەکەدارکردنی کەسایەتی و شەڕانگیزی، بەڵام وەکو تر، ئێمە پشتیوانی لە رەخنە و دەرخستنی گرفت و کێشەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگە دەکەین، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین رەخنە لە هەموو بوارەکانی ژیان هەبێت کە بە مەبەستی پێشخستنی کۆمەڵگە و چاکسازی دەسەڵات بێت، بە جددی پێمان لەسەر ئەوە داگرتووە کە پشتگیری رەخنە دوور لە قسە و زمانی زبر وجنێو بکرێت و پەرەی پێبدرێت، بەڵام دەبێ بە زمانێکی نەرم و هێمن و راستگۆیانە بێت بۆ ئەوەی لایەنی بەرامبەر گوێمان لێ بگرێت ئەو کەسە رۆشنبیر یاخود دەسەڵات یاخود کۆمەڵگە بێت، هەروەها ئەو سایتانەی کە هەیە بۆتە بەشێکی گرنگ بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری رۆشنبیری لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، هاوکات ئەو رۆژنامانەی کە دەردەچێت لە پێناو ئەوەدایە کە خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات، بە چەشنێک بتوانێ ئاستی رۆشنبیری تاکەکەس و کۆمەڵگە بەرز بکاتەوە و مرۆڤ لە خودی خۆی بگات و بەرگری لە هەق و مافی خۆی بکات، کە داخوازیەکانیان چۆن لە دەسەڵات و کۆمەڵگە داوا دەکات و چ جۆرە زمانێک بەکار دەهێنێت.

شێوە و زمانی نووسین زۆر گرنگە لە دەربڕین، ئەگەر نووسین بە زمانی جنێو و زبر بێت زۆر زەحمەتە لایەنی بەرامبەر گوێت بۆ رابگرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم جۆرە نووسین و زمانە چوارچێوەی هزر و بیرکردنەوەکەشت بە بەڵگە تەسک دەردەخات، واتە ئەم شێوە نووسینە نزمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئازادی کەم بکاتەوە لە نێوان نووسەران و رۆشنبیران، بۆیە زۆر گرنگە زۆر بە زمانێکی نەرم و جوان و شارستانی راوبۆچوونت دەرببڕیت، دەبێ وا بیر بکەینەوە کە ئێمە قسە دەکەین خەڵکی دیکەش مافی قسەکردنی هەیە، واتە تاک و کۆمەڵ و دەسەڵاتیش مافی ئەوەیان هەیە قسە بکەن و ئازاد بن، لەلایەکی دیکە زۆر جار یاخود هەندێ کەس ماف بەخۆی دەدات بەڵام ماف بە کوتەک یاخود بەدەسەڵات و بە بەرامبەر نادات.

بۆیە بە پێویستمان زانی زۆر کار و ئیش هەیە هەر لە ئازادی رادەربڕین تا ماف و ئەرک و تێگەیشتن، گفتوگۆی لەسەر بکرێت و وابکەین هەموو تاکێک هەقی ئازادی و قسەکردنی هەبێت بەڵام بە شێوەیەک لەیەکتر بگەن و لە شوێنی خۆیان کاریگەری باش لەسەر دەسەڵات و کۆمەڵگە دروست بکەن و گرفتیش نەهێننە پێش، ئەمەش لەم کۆبوونەوەیە بە تێروتەسەلی باس کرا و هەوڵدەدرێت دەرئەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە، ئەمەش هەوڵێکە لەو کۆبوونەوە و میساقە ئەخلاقییە دەرمان بڕیوە بۆ ئەوەی ئەو سایت و رۆژنامە کوردیانە نووسینی زبر و جنێو فرۆشی نەکەن و هەست بەرپرسیارەتی بکەن، چونکە نووسین بەهایەکی خۆی هەیە و پیرۆزە، پێویستە ئەو بەهایە بپارێزێت، بۆیە دەبێ بە جوانترین زمان و بە شیرینترین وشە نووسینەکانمان دەرببڕین، ئەگەر بەمشێوە نەبێت، دەرچوونە لە ئازادی و لە دیموکراسی و، کاریگەری خراپ لەسەر تاک و کۆمەڵگە دروست دەبێت .

لەپاش یەک دوو هەفتەی دیکە بەڵێننامەکە دەردەچێت و دابەشی سەر هەموو دەزگاکانی رۆشنبیری و راگەیاندن و لایەنی پەیوەندیدار بە کاری رۆژنامەگەری کوردی دەکەین ، بۆ ئەوەی پێیان بڵێین زۆر گرنگ و پێویستە پابەندی ئەم بەڵێننامەیە بن بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە ئازادی و مافی تاکەکەس و کۆمەڵگا ، هەروەها لیژنەیەکی دیکە هەیە لەو کاتەی هەر کەسێک لە نووسینێک لەو خاڵ و بڕگە و تەوەرانەی ناو بەڵێننامەکە دەربچێت، لیژنەکە هەڵوێستی بەرامبەر وەربگرێت.

بە هیچ شێوەیەک هەوڵ و داخوازی ئێمە بۆ سنووردانانی نووسین نییە بەڵکو سنووردانان بۆ شێوە نووسینی نزم و جنێوفرۆشیە.

ئێمە هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە پانتایی نووسین فراوان بکەین و ئازادی رادەربڕین هەبێ، بەڵام دوور لە زمانی زبر و جنێو و تەشهیر، واتە دەمانەوێت سنووری رەخنە زۆر فراوان بێت و ئازادانە رووی خراپ و باشی دەسەڵات و کۆمەڵگە بخاتە ڕوو بە مەبەستی چارەسەرکردن، دوور لە جنێو و زمانی توانج و تانەگرتن.